# کامەران بەدرخان



ئەم رۆڵە هەڵکەوتووەی بنەماڵەی بەدرخان رۆژی 21ی ئابی ساڵی 1895 لە شاری ئەستەمبوڵ لەدایک بووە و هەر لەوێ تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە. لە ئەنجامی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران دا، بنەماڵەکەیان بە ناچاری روویان کردۆتە شام و لەدوای ساڵی (1925)ەوە هاوڕێ لەگەڵ جەلادەت بەدرخانی برای دادەستیان داوەتە خەباتی نهێنی و رۆڵێکی گەورەیان بینی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (خۆیبون)دا. دواتر کامەران بەدرخان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا رووی کردۆتە ئەڵمانیا و درێژەی بە خوێندن داوە و بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە. شان بەشانی ئەمەش بەردەوام هاوکاری جەلادەت بەدرخانی برای کردووە لە دەرکردنی هەردوو گۆڤاری (هاوار) و (روناهی)دا. ساڵی 1943 بەشێوەیەکی کاتی لە بەیروت نیشتەجێ بووە و گۆڤارێکی دەرکردووە بە شێوەی کرمانجی ژووروو کە ناوی گۆڤاری (روژا نو) بوو. لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا گۆڤارێکی تریشی دەرکردووە بەناونیشانی گۆڤاری (ستێر).

دکتۆر کامەران بەدرخان ساڵی 1947 لە فەڕەنسا نیشتەجێ بووە و لە پاریس پەیمانگەیەکی بۆ خوێندنی کوردی دامەزراندووە و وەک پسپۆڕێکی زمانی کوردی سەرپەرشتی خوێندکارانی باڵای ئەو بەشەی کردووە و پاشان لە ساڵی 1954دا لە زانکۆی (سۆربۆن) بووە بە مامۆستا.

ئەم زانا گەورەیە 15 کتێبی بەنرخی بە هەردوو زمانی کوردی و فەڕەنسی بە چاپ گەیاندووە و چوار کتێبی تریشی هێشتا دەستنووسن و چاپ نەکراون. کامەران بەدرخان پاش تەمەنێکی پڕ سەروەری و هەڵوێست بەرزی رۆژی 4ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1978کۆچی دوایی کرد.